

بروسکەیەك بۆ:

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ـ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان..

بەڕێز وەزیری مافی مرۆڤ..

بەڕێز وەزیری مرۆڤایەتی..

بەڕێزان رێکخراوەکانی خێزخوازی و ئافرەتان و منداڵان..

دوای سڵاو و رێزی تایبەتیم..

بەڕێزان من ناوم "کامەران عەزیز ئەحمەد"ە، و لەشاری هەولێری دێرین دادەنیشم، باوکی ئەو منداڵەم کە لە وێنەکە دیارە و ناوی "دیلمان"ە، تەمەنی نزیکەی"حەوت" ساڵان دەبێت.. ئەو منداڵەم هەر لە زگماکیەوە نیو دڵی ئیش دەکات، واتە یەك سەمامی دڵی ئیش دەکات.. بارودۆخی ئەو منداڵەم رۆژ بە رۆژ بەرەو خرا پتر دەچێت، وەك لەخۆچوونی رۆژانەو دەست و پل سڕبوون و بێ تاقەتی تەواو. بۆیە پێویستی بە نەشتەرگەرییەك هەیە، دەنا دەمرێت، منیش بێ دەرامەتم و توانای نەشتەرگەریم نیە، بەتایبەتی رەنگە لەدەرەوەی وڵات ئەو نەشتەرگەرییە زۆر بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت وەکو وڵاتی سوریا یاخود ئێران یان ئوردن .. زۆرجار نووسراوم ناردووە بۆ سایتی "کوردستان نیت" و بڵاوبۆتەوە، خەڵکێکی زۆر خەمخۆری خۆیان راگەیاندووە، پەیمانی زۆریان پێداوم گەر هەر شتێك لەتوانایان هەبێت هەوڵی بۆ دەدەن، بەڵام بۆ دیلمان هەر چاوەڕوانی ماوەتەوە..

من خۆم کاسبم و کرێچیم، ئەو پارەیەی دێتە دەستم، هەر بەشی ئەوەندەمان دەکات کە ماڵ و منداڵ و کرێی خانووەکەی پێ بدەم، بۆیە ناتوانم هیچ پاشەکەوت بکەم، بۆ ئەنجامدانی ئەو نەشتەرگەرییەی.. بۆیە هەستام بە ئاراستەکردنی ئەم بروسکەیە، چونکە دەزانم لەرێی ئێوەوە دەتوانم دیلمان ببەمە دەرەوە بۆ عیلاج، جا گرنگ نیە هەر کوێیەك بێت، گرنگ ئەوەیە ئەو منداڵە پڕ لەهیوای و پڕ لەئارەزوو بۆ ژیان رزگار بکەم..

گرنگ ئەوەیە ئێوەی بەڕێز وەڵامم بدەنەوە، ئەمەش ژمارەی تەلەفۆنی مۆبایلەکەمە : "4462592" و ماڵیشم لە هەولێرەو لەگەڕەکی خانەقا.. جا تکام وایە لەخوای گەورە ئەو بەڕێزانەی لەسەرەوە ناویانم هێناوە وەڵامم بدەنەوە، بەڵکو بەهۆی ئەوانەوە دیلمانی نەساغ دەرفەتی ژیانی پێ دەبەخشرێتەوە..
ئەمەش ئیمێڵی خۆمە کە خێرخوازێك بۆی کردوومەتەوە: "kameranaziz@yahoo.com".

لەگەڵ ئەوپەڕی رێزو سوپاس و سڵاوم ..

کامەران عەزیز ئەحمەد "باوکی دیلمان"

رۆژی پێنج شەممە / 2004/9/23

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version http://www.fineprint.com